# ئیسلامیەکان بۆ هاواریان لێهەستاوە

هیدایەت مەلا عەلی

2005/7/13

ساکار ئەحمەد لە ژمارە "131" هەفتەنامەی جەماوەر دیدارێکی ئەنجام داوە , لە گۆشەی " تەوەری ژن و ئایین " ئەم دیدارە بۆتە مایەی شپرزەی و ناڕەحەتی مەلاکانی هەولێر و یەکێتی بە ناو زانایان و مەلا بەشیر و ئیسلامیەکان , ئەم هەواڵە لە کوردستانی نوێی ژمارە "3720" ی رۆژی 2005/7/11 دا هاتووە .یەکەم جار نییە ئیسلامیەکان لە کوردوستان و لە سایەی سێبەری هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار ئەم هاتووهاوارە دەست پیّ بکەن و هەوڵی سەرکووتی دەنگی ناڕازی و نەیاری خۆیان بدەن, 14 ساڵە ئیسلامیەکان لە کوردوستان نەیانتوانیوە تەحەمولی سادەترین رەخنەو ململانێی سیاسی و شارستانی بکەن , بە تایبەت لە بواری مافی ژنان و, رەخنەیەکی ئینسانی و سیاسی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان کە لە ئیسلام و بزوتنەوەکەیان هەیەتی .ئەم 14 ساڵە پڕە لە نموونەی زیندوو بۆ سەرکووتی سەرەتایترین دەنگی ئازادیخواز و پێچەوانەی ئیسلام و دەستوور و سوونەتەکانیان ,

ئیسلامیەکان بەردەوام بۆ پاساوی بیّ وەڵامی و مایە بەتاڵیان هەوڵیان داوە بە ناوی موقەدەسات و بیروباوەڕی زۆرینەوە بەر بە لافاوێك بگرن کە کۆمەڵگای تەنیووە و بە تایبەت ژنان, لە بێمافی و سووکایەتیەك کە پێیان دەکرێت . هێرش بۆ سەر شێرکۆ بێکەس و فتوادانی لە سەر تەنها شیعرێك , هێرش و فتواو بەخشینی پارە بۆ کەسێك کە ڕێبوار ئەحمەد بکوژێت لە سەر ووتارێك , هێرش و دادگا گرتن لە چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە تەنها بەو دەلیلەی ووتاریان لەسەر ئیسلام و ئیسلامی سیاسی نووسیووە , هێرش بۆ سەر بڵاوکراوەی یەکسانی و رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان , هێرش بۆ سەر چەندین قەڵەم بەدەست کە رەخنەیان لە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی گرتووە ئارام رەشید و هاوژینی مەلا ئەمین , تیرۆرکردنی فەرهاد فەرەج, فتوای هەڵسوراوانی بزووتنەوەی ژنان نەجیبە کریم ,کەژاڵ حەمەرەشید ناسك ئەحمەد و چەندینی تر , تیرۆر کردنی شاپور عەبدولقادر و قابیل عادل و هتد . ئیسلامیەکان هەمیشە هاوار ئەکەن ئەم کۆمەڵگایە ئیسلامیەو خەڵکی بیروباوەڕی ئیسلامیان قبووڵ کردووە کەچی بە سادەترین رەخنەو کاری کۆمەڵایەتی هاواریان لێبەرز دەبێتەوە و پەنا دەبەن بۆ ئەو یاسایەی کە دەڵێت نابیّ موقەدەسات رەخنەی لێبگیرێت , ئیسلامیەکان هەمیشە پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو مەحاڵەو کۆمۆنیزم کۆمەڵگا قبوولی ناکات , بەڵام لە تەنها دیدارێك زیرەیان کردووە و سەرجەم ئەو ناعەدالەتی و مەئساتانەی یەخەیان بە خەڵکی مەحروم گرتووە چاویان لێنووقاندووە , ئەگەر بە ڕاستی وایە کۆمەڵگای ئێمە ئیسلامیە ئەم هەموو فتواو هەڕەشەو هاوارەی بۆچیە ,

کۆمەڵگایەك ئەگەر خۆی ئیسلامی وەك یاسای ژیان و بیروباوەڕێك قبووڵ کردووە ئەم هەموو شێخ زانا, مەلا بەشیر, زەرقاوی, مزگەووت , خانەنەقا , شێخ , پشتیوانی ئەحزابی قەومی , زیندوو کردنەوەی داب ونەرێتی کۆنەپەرستانەی بۆ چییە . ئەوەتا تەواوی دەستەوتاقمی ئیسلامی لە عێراق لە بازیانیەوە بۆ سیستانی و حەکیم ئەیانەوێت بەزۆری چەك و میلشیا و سیناریۆی رەش یاسا , دەستوور , دەووڵەت , حکوومەت , مۆری ئیسلامیەتی لێبدەن و کۆمەڵگا گیرۆدەتر بکەن . بەرەئی من هاتووهاواری ئیسلامیەکان بەرانبەر هەر رەخنەو دەنگێکی ناڕازی لە سوونەت و بیروباوەڕیان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت 1. هیچ بڕوایەکیان بە بیروباوەڕی خۆیان نیەو دەزانن رۆژ بە رۆژ درزی گەورەتر دەکەوێتە نێوان ئاوات و ئومێدی خەڵك و بەتایبەت ژنان لەگەڵ بێمافیەك کەبیرباوەڕی ئیسلامی ئەیسەپێنێت بە سەریاندا . 2. دەرك کردن بەوەی بزووتنەوەو خواستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ریشەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانی هەیەو , ئەم خواست و بزووتنەوەیە دەرگایەکی کراوەو لەبارە بۆ کۆتای هێنانی دەخالەتی مەزهەب لەسەر ژیان و چارەنووسی کۆمەڵگا .

من بانگەوازی تەواوی ئینسانە ئازادیخواز , یەکسانیخواز , کۆمۆنیست و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنان دەکەم بۆ وەڵام بەم هێرش و هاوارانەی ئیسلامیەکان دژی خەڵك و ژنان بەرپێیان خستتووە بێینە مەیدان و رێگایان پێنەدەین کوردوستان و عێراق بکەن بە ئێران و ئەفغانستان .

بژی یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو

بژی ئازادی و بەرابەری